# کەرکوک دایکی مەسەلەکان لەپێشنیارەکانی دیمستۆرادا

فەرەیدون حەمەڕەشید سویسرا
faraidun_73@hotmail.com

دوای کۆتایی هاتن بەساڵی 2007 وبەهەڵپەسێردراوەمانەوەی مادەی 140 و کێشەی کەرکوک. نێردەی نەتەوەیەکگرتووەکان لەعێراق رۆژی 15ی کانوونی دووەمی 2007 ئەوەی ڕاگەیاند کەدۆسیەی کەرکوک وئەوناوچانەی مادەی 140 دەیانگرێتەوە،نێردەی نەتەوەیەکگرتووەکان دەیانگرێتەئەستۆ.،نوێنەرایەتی نەتەوەیەکگرتووەکان لەسەرەتای ئەم دەخالەتکردنەدا ئامادەی خۆی دەربڕی بۆپێداویستییەتەکنیکیەکانی ناوئەم پرۆسەیە،هەموکارەتەکنیکیەکانی ناو لیژنەونێردەی نەتەوەیەکگرتووەکان بێگومان ئەبوو لەسەرپەریشتیکردنی ڕیفراندۆم وهەڵبژاردنی پێویست وچاوخشاندنەوە بەناودیکۆمێنتە سیاسی ومێژوویەکان تێپەڕی نە کردایە، بەڵام دوای ئەوەی ڕۆژی 17/4/2008 لەڕاپۆرتێکی گۆڤاری ئیکۆنۆمیستی بەریتانی قسەلەسەرئەوەکرا نەتەوەیەکگرتووەکان چەندپێشنیارێکی هەیە بۆئەوناوچانە،لەم رۆژانە پێشنیارەکانی ستیڤان دیمستۆرامان بیست بەپێچەوانەی چاوەڕوانی دڵخوشی کردنەوەی گرێ کوێرەسیاسیەکانی ناوقەیرانەکانی عێراق،زیاتر بێ ئەزموونی وکەم دیقەتی نێردەی نەتەوەیەکگرتووەکانی لەپێشنیارودەخالەتەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان بینرا.

باسکردن لەکێشەی چوارقەزای وەک مەندەلی وحەمدانیەوئاکرێ و مەغمور لە ناوپەیامی پێشنیارەکانی مسێۆ دیمستۆرادا ئەوەندەی کارکردنبێت بۆنزیککەووتنەوە لەکرۆکی مەسەلەکان تاخێروئاشتی نزیک بکاتەوە ئەوەندە کارکردنێکی کرچ وکاڵ وبێ ئەزموون بووە بۆدوورکەووتنەوەلەخاڵی پێگەیشتنی ناوەڕۆکی قەیرانەکان؛

چوون هەریەک لەچوارقەزاکەی دیمستۆرا لەپێشنیارەکانیدا ناوی هێناون بەپێوەرێک لەپێوەرەکانی قوڵایی جوگرافی،قورسایی ئێتنیکی،گەڕانەوەی مێژوویی،هیچ شک ورێگریک بۆکوردستانی بوونی ئەم ناوچانەنیە، تەنانەت لای لایەنەتووندڕەوەکانی بەرامبەر_یش ئەم ناوچانە نەبوونەتە گرێ کوێرەی سیاسی،لەبەرامبەرسەرەتاکانی قۆناغی یەکەمی ئەم بوچوونەلەنێردەی یونامی بێگومان دەبێت نارەزایەتی گەورەی جەماوەری لەئاستی ناوخۆی ودەرەکی بکرێتەکاردانەوەی ئەوپەیامەبێ بنەمایەی دیمستۆرا لەپێشنیارەکانیدا خستیەروو ،لەئاستی دەسەڵاتی کوردیشدا پێویستە چیترئەوجورە پێشنیارانە گوێ لێنەگیراوبێت،چوون لەگەمەی سیاسەتدا دەکرێت دەیان پرۆژەو پێشنیار بکرێتە مانۆڕی تاکتیکەسیاسیەکان تابزانرێت بەچەند ڕازی دەبێت وتاکوێ دەڕوێت.دیمستۆرا وەک ئەوەی خۆێ لەڕاپۆرتەکەی ئیکۆنۆمیستی بەریتانی ئاماژەی پێداوە کەکەرکوک دایکی مەسەلەکانە،کەرکوکی دایکی مەسەلەکانیش لەئەنسکلۆپیدیای ڕووسەکان،ئینگلیزەکان،عوسمانی ودانیمارکییەکان وئەرشیفەجیهانیەکان شارێکی کوردستانیە.؛

دوای کۆتایهاتنی جەنگی جیهانی دووەم ودامەزراندنی نەتەوەیەکگرتووەکان.سەرەرای ئەوبۆچوونەی هەمیشە ئەم ڕێکخراوەی بەپارێزگاریکردنی بەرژەوەندییەکانی ووڵاتانی زلهێزوبراوەی جەنگ پێناسەدەکات،نەتەوەیەکگرتووەکان هەمیشە لەدرووشمەکانیدا هەڵگری خەسڵەتی گێرانەوەی ئاشتی وکۆتایهێنان بووە بەئاشووب وقەیرانە جیهانیەکان، لەدرێژەی مێژووی ئەم ڕێکخراوە کارەمرۆڤدۆستیەکانی بۆبەهاناوەچوونی ئافاتەسرووشتی ومرۆییەکان کاری زۆرباش ومرۆڤدۆستانەی کردۆتەکارنامەی خۆی،بەڵام

لەبەرامبەرقەیرانە درێژخایەن وئاڵۆزەکاندا نەبۆتە سیمبوڵ بۆئەلتەرناتیڤی ئاشتی وبەرگرتن بەجەنگ.جگەلەوجەنگانەی لەمێژووی ئەم ڕێکخراوەدا ڕووی داوەو کۆتایی باسکردنیان هاتووە،تائەمڕۆی 63 ساڵ تێپەڕبوون بەسەردامەزراندنیدا هەردووقەیرانی گەڕانەوەی قودس بۆعەرەبەفەلەستینیەکان وکێشەی جامۆکشمیری نێوان پاکستانی وهیندیەکان بەهەڵواسراووی وبێچارەسەرماوەتەوە،نەتەوەیەکگرتووەکان نەی توانیوە بەپێی سەنگ و خەسڵەتی ناوی خۆی لەدەسبردن بۆئەلتەرناتیفی ئاشتی بۆیەکلابوونەوەی ئەم دووکێشەیە بەنموونە بەسەرکەووتن بگات؛

کێشەی کەرکوک وئاسیبوونەوەی ئەوپرسەسیاسیە چەندەبۆکورد هەنگاوونانەبۆگەڕانەوەی ماف بۆخاوەنەکەی بۆنەتەوەکانی ناوچەکەوعێراق_یش گەرەنتی سەقامگیری ئاسایش وئارامی ناوچەکەمسۆگەرتردەکات.؛

ئەکرێت نەتەوەیەکگرتووەکان لەدەستبردن بۆئەم ئەرکەگەورەیە بۆهەرپێشنیارورێگەچارەیەکی سیاسی قەیرانی کەرکوک و ناوچەبەعەربکراوەکان بگەڕێتەوە بۆئەرشیف وئەنسکلۆپیدیاجیهانیەکان بەرەچاوکردنی قوڵای جوگرافی و سەنگ و ڕێژەی ئێتنیکی لەتەک مێژووی زیاترلەهەشتاساڵ کۆچ و ڕاگواستنی زۆرملێ وجینۆسایدی بەردەوام.تاگشت ناوچەبەزۆر بە عەربکراوەکان بگەڕێتەوە بۆخاوەنی ڕاستەقینەو کەرکوکی دایکی مەسەلەکان بگەڕێنێتەوە بۆسەرهەرێمی کوردستان بەمسۆگەرکردن وڕێزگرتن لەگشت پێکهاتەونەتەوەکانی تر لەژیانی دیموکراسی وپێکەوەی دا